# رۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵدا

عەبدوڵلا ئیسماعیل

خێزان یەکەم و بچوکترین دەزگای کۆمەڵایەتییە لە نێو کۆمەڵگاداو ئەم دەزگایە یەکەیەکی بەرهەمهێن و بەکاربەرە لە هەمانکاتدا بەشداریدەکات لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان بۆ ئەندامەکانی، هەروەها بەفرمانی دیکەش هەڵدەستێت و یەکێک لەو فەرمانانەش پەروەردەکردنی منداڵە.

پرۆسەی پەروەردەکردنیش پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییەو لەرێگایەوە مرۆڤ بەو شێوەیە ئاراستە دەکرێت، کە پەیڕەوی ئەو سیستەمە بکات، بۆئەوەی لەناو کۆمەڵگادا باوە، هەروەها دژی هەر هێزێک بووەستێت کە بیەوێت ئەو سیستەمە بخاتە بەردەمی مەترسییەوەو، جگە لەمە پرۆسەیەکی دیکەی پەروەردەکردن هەیە کە دەیەوێت مرۆڤێکی وا دروستبکات کە پەیڕەوی سیستەمی زاڵ و باو نەکات، چونکە باوەڕی هەیە کە ژیان تەنها لە بارودۆخێکی نەگۆڕو جێگیردا نامێنێتەوە، بەڵکو لە گۆڕاندایەو بۆیە ئەو جۆرە

**وا سەیری منداڵ دەکرێت کە عەقڵی وەکو هەویرێکە دەتوانرێت هەر شتێکی لێدروست بکرێت کە ئەو کەسە گەرەکییەتی**

پەروەردەکردنە ئەرکی شۆڕشێکی گەورە لەسەر ئاستی کۆمەڵ لەسەر شانیدا هەڵگرتووەو واتا لەیەک کاتدا دوو پرۆسەی دژبەیەک روودەدات لەسەر ئاستی کۆمەڵگاو ئەویش بەڕوونی لە رووداوە سروشتییەکاندا هەستی پێدەکرێت و وەکو پرۆسەی دروستکردن، لەناوبردنی خانە وایە لەهەمانکاتداو یا پرۆسەی ئۆکسیدبوون و لێکردنەوەی ئەلیکترۆن لەخانەی ئەلکترۆلیکدا.

ئامانجی سەرەکی پەروەردەکردنیش ئەوەیە مرۆڤێک دروستبکات ئەو سیفەتانە پەیڕەو بکات، کە لە خزمەتی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدایە، وەکو راستگۆیی و دەستپاکی و نەترسی و ئازایەتی و پشت بەخۆ بەستوو و بڕیاردەرو، بەڵام لە هەمانکاتیشدا مرۆڤی وا دروستبکرێت پەیڕەوی لەو سیفەتانە بکات کە لە دژی مرۆڤایەتیدایە وەکو (درۆزنی دوو ڕوویی ناپاکی رووخانی شەرمنی و ترسنۆک و ملکەچی).

ئەو دوو ڕەوتە دژ بەیەکەش پەیوەندی بەجۆرەی ئەو دیدەوە هەیە کە دایک و باوک سەیری منداڵەکانی دەکات و لەدیدی یەکەمدا وا سەیری منداڵ دەکرێت کە عەقڵی وەکو هەویرێکە دەتوانرێت هەر شتێکی لێدروست بکرێت، کە ئەو کەسە گەرەکییەتی و ئەگەر ئەو دروستکردنە لەڕێگای ئاشتییەوە ئەنجامدراو ئەوا لەڕێگای زەبر و زەنگەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت و منداڵیش مافی ئەوەی نەبوو کە دژی بووەستێت، چونکە باوەڕیان وابووە منداڵ مرۆڤێکی تەواوەو بەمشێوەیە ڕێزو ئازادی و پیرۆزی مرۆڤ فەرامۆش دەکرێت، ئەوەش مرۆڤێکی شەرمن و ترسنۆک و ملکەچ دروست دەکات، بەڵام دیدی دووەم سەیری منداڵ دەکات کە جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ گەورەدا هەیەو بۆیە ڕێگا نادات بەبەکارهێنانی زەبروزەنگ و توندوتیژی، چونکە ئەوە بەهرە و تواناو هێزی منداڵ لەناو دەبات، هەروەها جیاوازی لەکات و بەرژەوەندی نێوان باوان و منداڵ هەیە، بۆیە گواستنەوەی شتەکان لە باوانەوە بۆ نەوەکانیان لەڕێگای هێزەوە نابێت و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێز و شکۆمەندی منداڵ بپارێزرێ.

ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە هەردوو دیدە جیاوازەکەی لە سەرەوە ئاماژەم پێدا لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بەگشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی هەیە، چونکە دەسەڵاتی زاڵ و باوی نێو کۆمەڵگا هەوڵدەدات ئەو جۆرە مرۆڤانە دروستبکات، کە لە خزمەتی بەرژەوەندی ئەوبن و لەهەمانکاتدا هێزێکی دیکە دەیەوێت کە مرۆڤێکی وا دروستبکات دژایەتی دیدی یەکەم بکات، مرۆڤێک دروستبکات کە باوەڕی بەگۆڕانی جۆری و ڕەگوڕیشەوە هەبێت، مرۆڤ بەبوونەوەرێکی بەرزو شکۆدارو گەورەو بەڕێز لەبەرچاو بگرێت.

هەڵبەتە پەروەردەکردنیش لە کۆمەڵی کوردیداو پەیڕەوی ئەم دوو جۆرە دیدە دژبەیەکە دەکات، ئەوەش گشت بوارە جیاجیاکانی

ژیان دەگرێتەوە هەڵبەتە لەرێگای پەند و قسەی نەستەق و ئامۆژگاری و وتارەکاندا هەست بەوە دەکرێت و هەروەک بەبەردەوامی دەڵێن «ئەوەی بیگری بەشیری تەرکی ناکات بەپیری»و «دایکی ببینە دۆتێ بخوازە» و «گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ»و «لە بەرامبەر گەورەدا قسە مەکە»و «داری تۆ پشتی من» و «کوتەک دەزانی قۆناغ لە کوێ یە».

هەر لە هەمانکاتداو لە هەمان کۆمەڵگاداو لە گشت قۆناغە جیاجیاکانی ژیانداو دیدێکی دیکە دژی ئەو دیدە کۆنەپەرست و پارێزەرە لە ئارادابوو مرۆڤی کوردی بەشێوەیەکی راست و درووست و زانستی هۆشیار کردۆتەوەو کە هیچ هێزێک نییە بتوانێت پەرە بەنەگۆڕی و هەتا هەتایە بدات، بەم شێوەیە گیانی گۆڕان و پەرەسەندن و شۆڕشی مرۆڤەکانی کوردی بەهێز دەکردو لە بەرامبەری هێزی کۆنەپەرست و پارێزەری کۆمەڵی کوردی، ئەوەش رەنگیداوەتەوە لە پەند و قسەی نەستەق و ئامۆژگاری و وتارەکاندا، کە سیمای پێشکەوتنیان هەڵگرتبوو، هەر لەبەر ئەوەشە بەبەردەوامی جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە "دنیا چەرخ و فەلەکە لە سوڕاندایەو دنیا شەو رۆژێک نییەو دنیا بۆ کەس تاسەر نامێنێت و کەس هەتا مردنێ لەبن کراسەکدا ناژی"

لە گشت گۆڕان و پێشکەوتنەکانداو مرۆڤەکان قوربانییەکی زۆری مادی و گیانیانداوەو، چونکە گشت شۆڕش و گۆڕانەکان و ئەو شۆڕشەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی دیکە دەبات و ئەوە تەنها لەرێگای بەرپابوونی جەنگ کۆتایی پێدێت و ئەو جەنگەی کە لەنێوان هێزی کۆنەپەرست و هێزی پێشکەوتنخوازدا بەرپا دەبێت و ئەوەش، چونکە هێزی کۆنەپەرست لە گشت شوێنەکان و لە گشت قۆناغەکانداو لەرێگای ئاشتی و گۆڕانی پلە بەپلەوەو ئامادە نییە دەست بەرداری بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی خۆی بێت بۆیە لە پێناو ئەم بەرژەوەندیانەدا ئامادەیە کە لەگەڵ هێزی پێشکەوتنخوازدا بچێتە گۆڕەپانی جەنگی یەکلاکەرەوەداو کە بەنەمان و رووخانی هێزی کۆنەپەرست کۆتایی پێدێت. لە هەموو ئەمانە پەروەردەکردن رۆڵی سەرەکی دەبینێت، بۆیە پێویست، پەروەردەکردن بەشێوەی گۆڕانخواز و لیبرال و پێشکەوتنخواز بکرێت دژی دیدی کۆنەپەرستی و، ئەمەش بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و مرۆڤی تەندروستمان هەبێت.

**• مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی کۆلیژی ئادابی زانکۆ سەلاحەدین.**

**گشت شۆڕش و گۆڕانەکان و ئەو شۆڕشەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە قۆناغێکەوەو بەرەو قۆناغێکی دیکە دەبات ئەوە تەنها لەرێگای بەرپابوونی جەنگ کۆتایی پێدێت**